# تیروانینی نوێ سەبارەت بە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان

## ئاسۆ کمال

هەروەك لە "**بریارنامەی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق سەبارەت بە پیویستی پیکهینانی دەستبەجێی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان** "* دا هاتوە ،ئێمە وەك بەشێك لە رابەری حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لە پرۆسەیەکدا حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان راگەیەنین و پیکی بهێنین. ئێمە خوازیاری ئەوەین لەدەرەوەی ریزەکانی حزبی ئیستامان خەڵك بتوانێت بەشداری لەم پرۆسەیەدا بکات. هەربۆیە بە پیویستی دەزانین تیروانینی نوێی خۆمان سەبارەت بە ئامانج و سیاسەت و پراتیکی حزبی وە هەروەها سەبارەت بە پرۆسەی پیکهینانی حزبیش لە پێشەوە بخەینەڕوو تاکو ئاگاداری و رۆشنی پیویست هەبێت بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لەم کارەدا بەشداری بکەن و خۆیان بەهاوبەش دەبیننەوە لە دامەزراندنی حزبیکی کۆمۆنیستی کریکاری دا.

## <u>بۆچی کۆمۆنیستی کریکاری</u> ؟

بیگومان سەرەتا پیویستمان بەوەیە ناسنامەی سیاسی خۆمان بخەینەوە ڕوو وە بڵێین کە ئێمە لە کوێوە هاتوین وبەرەو کوێ دەمانەوێت بڕۆین؟ مەبەستم لە ئێمە کۆمۆنیزمی کریکاریەیە وەك رەوتیکی سیاسی دیاریکراو 16 ساڵە لە کوردستاندا هەین و مۆری خۆمان ناوە بەبەشێك لە ڕووداوە سیاسی وکۆمەلایەتیەکانی کۆمەلگای کوردستانەوە و نوینەرایەتی قوتبی چەپی کۆمەلگای کوردستانی کردوە. سەرهەلدانی بزوتنەوەی چەپی کۆمۆنیستی لە کوردستاندا لە هەشتاکانی سەدەی بیستەوە لە کوردستاندا و کاریگەری حیکمەتیزم بەسەریەوە و دواتر خۆنیشاندانی وەك بزوتنەوەی شورایی لە راپەرینی ئازاری 1991دا مایەی دروستکردنی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بوو کە بەشی سەرەکی لە کوردستان بوو. ئێمە رەوتیکی سیاسی وئایدیولۆژی ناسراوین کە رەخنەیەکی دیاریکراومان لە سەرجەم سیستمی مەوجودی سەرمایەداری ئیستا هەیە و خوازیاری گۆرانی شورشگێرانەی کۆمەلگاین بەرەو کۆمەلگایەکی کۆمۆنیستی بێ چین وچەوسانەوە . لەپراتیکی سیاسیشماندا بەشێك لە مێژووی جیانەکراوەی ململانێی سیاسی 16 سالی رابردووی کوردستانین بەرامبەر دەسەلاتی حزبە ناسیونالیستەکان و کۆنەپەرستی ئیسلامیەکان .

ئەم کۆمۆنیزمە کریکاریە نوینەرایەتی بەدیلیکی جیاوازی سیاسی وکۆمەلایەتی دەکا بەرامبەر بەدەسەلات و ئیدارەی ئێستای کۆمەلگا لەلایەن حزبە بورژوازیە ناسیونالیستەکانەوە و بەمەش دەیەوێت ببیتە چوارچیوە و وەسیلەی نارەزایەتیەکانی جەماوەر و حزب و بزوتنەوەیەکی جەماوەری وکاریگەر لە کوردستاندا دامەزرینێ و بیکاتە هێزی ئالوگۆربەخش و رزگاری بەخشی خەلکی کوردستان. واقعیەتی 16 سالی رابردووی بارودۆخی سیاسی و ململانێی سیاسی لە کوردستاندا ئەو راستیەی سەلماندوە کە کۆتایی هینان بەدەسەلاتی میلیشیایی حزبە ناسیونالیستەکان و ریگرتن لەبەردەم دەسەلات پەیداکردنی ئیسلامیەکان و کۆتایی هینان بە نادیاری چارەنوسی کوردستان و دابینکردنی ژیانیکی باشتر و خۆشگوزەران و یەکسانی هەمەلایەنەی ژن وپیاو و جیاکردنەوەی دین لە دەسەلات و دابینکردنی ئازادی بێ قەیدوشەرتی سیاسی و بەکورتی دامەزراندنی دەسەلات و ژیانیکی باشتر بۆ خەلکی کوردستان لەگرەوی هاتنەوەمەیدان و بالادەست بوونی بزوتنەوەیەکە سیاسی و کۆمەلایەتی دیاریکراودایە کە کۆمۆنیزمی کریکاریەیە و لەئیستادا ئەم رەوتە دیاریکراوە ئەم بەرنامە و ئامادەییەی هەیە نەك هیچ رەوت و بزوتنەوەیەکی تر. هەربۆیە خالی

دەستپیکردنی خۆناساندنی ئەم حزبە ناساندنی کۆمۆنیزمی کریکاریەکەیتی وەك بزوتنەوەیەکی فکری و کۆمەلایەتی و سیاسی ئەلتەرناتیف نەك شتیکی تر.

ئیمە ئەو واقعیەیتە لەبەرچاو دەگرین کە لە ئیستادا ئالوگۆڕێکی گرنگ لە کوردستاندا ڕووی داوە ئەویش ئەوەیە کە ریزی نارەزایەتی بەرامبەر بە دەسەلاتی یەکێتی وپارتی و بە ئیدارەی گەندەڵیان و بەسەرکوتی ئازادی سیاسی وئازادی بەیان ورۆژنامەگەری و بە دابین نەکردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان وەك بزوتنەوەیەکی جەماوەری ئۆپۆزسیۆن هاتۆتە ئاراوە و ئێمە خۆمان بەبەشێك لەم بزوتنەوە جەماوەریە بووین و کارمان تیدا کردوە و ئەمە بە زەمینەی جەماوەری بونەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری و سەرکەوتنی دەزانین . هەروەها حزب بە تەنها یەکێك لە وەسیلەکانی قودرەتگیری ئەم کۆمۆنیزمی کریکاریـیە دەزانین و لەپاڵیدا دەمانەوێت لەم بزوتنەوە جەماوەری و بزوتنەوە فکری و سیاسیانەی ئازادیخوازانەی تردا وەسیلە کۆمەلایەتی وجەماوەریەکانی تریش سازبکەین کە سەرچاوەی تری قودرەت پەیداکردنی کۆمۆنیزمی کریکارین . هاوکات ئێمە وەك کۆمۆنیزمی کریکاری پیناسەیەکی تایبەتمان بۆ ئاسۆ وئامانجی ئەم بزوتنەوە جەماوەری و ئەم رەخنە جەماوەریە لە دەسەلات و وەزعی مەوجود هەیە و ئیمە لە کاتیکدا تیدەکۆشین بۆ گۆرینی وەزعی نالەباری سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری ئیستای خەلکی کوردستان دەشمانەوێت ئەم ئالوگۆرە تاسەر بەرین و دەسەلاتی میلیشیایی و چەوسینەرانەی حزبە بورژوا ناسیونالیستەکان و کۆنەپەرستی ئیسلامی کۆتایی پیـبێنین و کۆمەلگایەکی یەکسان وئازادی سوسیالیستی لە کوردستان دامەزرێنین.

هەربۆیە لەروانگەی ئێمەوە پیکهینانی حزب بریتیـیە لە ریکخستنی بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو لە کۆمەڵگادا کە رەخنە و پراتیکیکی دیاریکراوی هەیە سەبارەت بە وەزعی مەوجود و کۆکردنەوەی فەردی کەسانیك نیـیە کە وەك یەك دەدوێن یا بیردەکەنەوە . پیکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان خۆی هەنگاوی یەکەمی خستنەوەگەڕی ئەم بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەیە ،کە خاوەنی چوارچیوەیەکی فکری و سیاسیـیە کە خۆی لەبەرنامەی دنیای باشتر و هەلویستی سیاسی سەبارەت بە دەسەلات و ئەحزابی بورژوازی و ئایندەی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان خستۆتەڕوو. ئەم مێژووە لە بەشداری چەپ و کۆمۆنیستەکان لە خەباتی سیاسی و جەماوەریدا رەوتیکی دیاریکراوی شکل پیداوە کە کۆمۆنیزمی کریکاریـیە جیاوازە لە رەوتی ناسیونالیستی نارازی و ریفورمیزم و لیبرالیزم و سوسیالیزمی بورژوازی و ووردە بورژوازی . هەربۆیە بە هەر رەخنەیەکەوە لە چوارچیوەی فکری و سیاسی پێشوومانەوە بێینەوە مەیدان مەبەستمان لە لابردنی سونەت و شیوەکاری کۆمۆنیزمیکی ناکۆمەڵایەتی و ناسیاسیـیە لەسەر کۆمۆنیزمی کریکاری نەك لابردنی سونەت و شیوەکاری کۆمۆنیستی کریکاری. بۆ ئەم کارەش واتە بۆئەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری بکەینە بزوتنەوەیەکی سیاسی وجەماوەری پیویستمان بە تیکەڵاوکردنی کۆمۆنیستیەکەمان نیـیە لەگەڵ بەرنامە و سیاسەتی غەیری کۆمۆنیستی وغەیری کریکاریدا و بەم پێیەش پیکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان بریتی نیـیە لە دەورانی تیکەلکردنەوەی سوسیالیزمی کریکاری بەو رەوتە غەیرە کریکاری و غەیرە کۆمۆنیستیانەوە. پیکهینانی ئەم حزبە رەوتی تیکەلاوبونەوە لەگەڵ چەپی رادیکال و حاشیەیشدا نیـیە و لەوێوە هێز ناگرێت ، بەلکو بەپیچەوانەوە رەخنەی پراتیکی و خۆدورخستەوە لە سونەت و پراتیکی ئەو چەپە حاشیەیـیە مەسەلەیەکی گرنگە لە سەرکەوتن بەسەر لاوازیەکانی تائیستای کۆمۆنیزمی کریکاریدا.

## <u>رەخنە لە رابردوو و نەخشەی نوێ بۆ کارکردن</u>

ڕەخنە لە لاوازی و سەرنەکەوتنی تائیستای کۆمۆنیزمی کریکاری لای ئێمە جیگایەکی گرنگ و چارەنوس سازی هەیە لەسەر دامەزراندن و ئایندەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان بەلأم ئێمە ڕەخنەیەکی دیاریکراومان هەیە لە چوارچیوەی فکری وسیاسی وکۆمەلأیەتی رابردوی خۆمان و وەلأمی خۆشمان هەیە بۆ ئەو ڕەخنانەی لە روانگەی ناسیونالیستیکی نارازی یا چەپیکی حاشیەیی لەئیمەی دەگرن.

ڕەخنەی ئێمە لە رابردوی بزوتنەوەکەمان ئەوەیە کە پاش 16 سالّ لە هەلومەرجیکی کراوەدا نەمانتوانیوە ببینە رابەری نارەزایەتی خەلکی کوردستان بۆ گۆرینی وەزعی نالەباری سیاسی وئابوری و کۆمەلایەتی . بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری نەیتوانیوە هەژموونی فکری ناسیونالیزم تیك بشکێنیّ و ئاسۆ و ئامانجی کۆمۆنیستی بکاتە خواستی ڕۆژانەی چینی کریکار و نەداری کوردستان و ڕەخنە لەدەسەلاتی یەکێتی وپارتی لەروانگەی فکری وسیاسی کۆمۆنیستیەوە بگرن و سەرچاوەی کوێرەوەری خۆیان بناسن و رێگای گۆرینی لای ئێمە پەیدا بکەن وچیتر بەدیار فریو وخۆشباوەری ناسیونالیستانەی خۆیانەوە دانەنیشن و جیاوازی چینایەتی و دوژمنایەتی بورژوازی خۆمالّی بەژیان وچارەنوسیان دەرك پیبکەن. ڕۆژنامە و راگەیاندنی ئێمە نەیتوانیوە وەلأمی میدیای فریودەر و پاشکۆی دەسەلات ببیتەوە و ڕەخنەی سەرتاپاگیری کۆمۆنیستی لە بنەمای دەسەلات و ئیدارە وئەخلاق وفەرهەنگ و سیاسەتی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد بکاتە بزوتنەوەیەکی فکری هەمەگیر و پرسەدا کە ئاسۆ و دورنمای ئایندەیەکی باشتر دەتوانێت بخاتە پێش چاوی خەلکی کوردستان.

لەمەیدانی سیاسیشدا ئەم کۆمۆنیزمی کریکاریە لاواز بووە لە وەلامدانەوە بە ئەرکەکانی بەردەمیدا و نەیتوانیوە وەکو هێزی یەکەم یا سەرەکی لە مەیدانی سیاسیدا خۆی بسەپێنیّ وە نەیتوانیوە رێگری فکری وسیاسی و عەمەلیەکانی بەردەم کاری سیاسی خۆیلابەریّ و بەوینەی بزوتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری خۆی لەمەیدانی سیاسی و لە کێشەی دەسەلاتدا ڕێك بخات. ناسینی هەلومەرجی سیاسی و پیش بینی ئالوگۆرەکان و قۆستنەوەی فرسەتەکان بۆ رابەریکی سیاسی یەکیك لە مەرجەکانی سەرکەوتنە و مامەلەی سیاسی وگرتنە بەری تاکتیکی گونجاو و زانینی کاتی پاشەکشە و هیرش بردن هونەرێکن کە هیزیکی سیاسی وەك ئێمە کە روبەروی کێشە و سەختی زۆرین پیویستە بەباشی فێری بین. سەرەرای هەموو ئەمانە ئێمە لە مەیدانی سیاسەتدا پیویستمان بە گۆرانی سەرەکی وریشەییە لە گروپیکی فشارەوە بۆ حزبی سیاسی . ڕەخنە لە چوارچیوەی سیاسی پێشوومان تیپەراندنی ئەو سونەت وپراتیك و وەسیلە و سیاسەت و نائامادەییانەیە کە ئێمە لە قالبی گروپیکی فشاردا هیشتۆتەوە کە سەرگەرمی لیکدانەوە و تەبلیغ و کەمپین بەریخستنە و رازی یە بەوەی کە لە پەراویزی کومەلگا و دنیای سیاسەتدا قەراری گرتوە . دەبێت لەمەیدانی سیاسیدا بزانین کەی و بە چ شیوەیەك دەبینە هیزی سەرەکی و یەکەم لەبریاردان لەچارەنوسی کوردستاندا و چۆن و لە کویّ هێز کۆدەکینەوە بۆ لابردنی دەسەلاتی یەکیتی وپارتی و بەچ هیزیکەوە دەتوانین چارەنوسی دەسەلات لە کوردستان دیاری بکەین. ئەمە دەبیت قیبلە نومای کاری سیاسی ئیمە بێت لە کەمپینیکەوە بۆ ئازادکردنی ڕۆژنامەنوسێك تاکو بەشداری لە خۆپیشاندانیکی جەماوەریدا یا بەشداری لە هەلبژاردنیکدا.

ڕەخنەی پراتیکی لە رابردوومان و گرنگترین خالی وەرچەرخان لەکاری ئێمەدا بەرای من پەیداکردنی پایەی کۆمەلایەتیە. کۆمۆنیزمێك کە تەنها پایەی کۆمەلأیەتیەکەی خویندکارانی نارازی و ئەفرادی تاك وتەرای ئازادیخواز بێت لە کۆمەلگادا ناتوانێت کۆمەلگا بگۆرێت و دەسەلاتی سیاسی بگرێتە دەست . پیکهینانی حزب بریتیە لە ریکخستنی بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەلأیەتی دیاریکراو لە کۆمەلگادا کە ڕەخنە و پراتیکیکی چینایەتی و کۆمەلایەتی هەیە سەبارەت بە وەزعی مەوجود و کۆکردنەوەی فەردی کەسانیك نیە کە وەك یەك دەدوێن یا

بیردەکەنەوە . جیاوازی حزبی سیاسی کە بۆ گرتنی دەسەلات کاردەکات لە ریکخراوێکی خۆبەخش کە کاری خێر دەکات یا کەمپین بۆ گۆرینی بەندێك دەکات لەوەدایە کە دەبێت هیزیکی کۆمەلایەتی کۆبکاتەوە تا بتوانێت ئامادەی شەڕ و گۆڕینی سیستەمێکی سیاسی هەبێت و خۆی سیستەمێکی تر دابمەزرێنێ تا ئەبەد ناچار نەبێت هەر داوای ئیسلاحات لە دەسەڵات بکات و لە ئۆپۆزسیۆندا بمینیتەوە.  ئەمە تەجروبەی سیاسی ئێمەیە لە کوردستان کە سەرەرای مەحبوب بون و ئومیدی خەڵك پێمان و راوەستاویمان لەبەرامبەر دەسەلاتی سەرکوتگەرانەی یەکیتی وپارتیدا بەلام نشستمان بوە لەرابردوودا لەلابردنی دەسەلاتی کۆنەپەرستانەی ئەواندا . کۆمۆنیزمی کریکاری ئەگەر ئیدعای لابردنی دەسەلاتی یەکیتی وپارتی و گرتنە دەستی دەسەلات بە عەمەلی دەکا دەبێ ببیتە خاوەن پایەی کۆمەلایەتی و چینایەتی و ببیتە رابەر و ریکخەری ئەو خەبات و نارەزایەتیەی کە کۆمەلانی کریکار و زەحمەتکێش و چینە ژیردەستەکانی کوردستان دژ بە دەسەڵاتی ئیستا . هەروەك ووتم حزب تەنها یەکێك لەو وەسیلانە بەدەسەلات گەیشتنە بەڵام گرنگترین وەسیلەیە کە بەبێ بوونی ئەم وەسیلە رابەریە ناتوانرێت نارەزایەیتەکان بگەنە ئامانجی کۆتایی خۆیان کە گۆرینی ریشەیی وەزعی مەوجودە. هەربۆیە بانگەوازی ئیمە بۆ دەرەوەی ریزەکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بۆ بەشداری لەم پرۆسەی پیکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کوردستانەدا ڕوو لەم جەماوەرە و رابەرانی نارەزایەتیەکانی ئیستا و ئەو دەستە وکۆمەڵانەیە کە لەم نارەزایەتیانەدا و لە خەبات دژی دەسەڵاتی یەکیتی وپارتی و دژ بە کۆنەپەرستی ئیسلامی خۆیان بەچەپ و کۆمۆنیست ورادیکال یا هاوبەشی بەند و بەشیکی بەرنامە و سیاسەتی دەزانن.قودرەت گیری و کۆمەلایەتی بونەوەی کۆمۆنیزمی کریکاری لە سەرکەوتنی لە پەیداکردنی ئەم جیگاو ریگایەدایە لە خەباتی رۆژانە و بەردەوامی جەماوەری نارازی کوردستاندا.

رەخنە لە چوارچیوەی ریکخراوەیی پێشوومان مانایەکی بەرفراوانی سیاسی و کۆمەلایەتی و شیوەکار و سونەتی حزبی هەیە. دەرچوون لە قالبی ریکخراوەیەکی ناپەیوەست بە کۆمەلگا و نارەزایەتی جەماوەری و کۆمەلایەیتەوە بۆ ریکخراوەیەکی دەرگیر لە هەموو مەیدانە کۆمەلایەتیەکانی روبەروبونەوەی فکر و سیاسەت و ئیسلاحات. ئالوگۆر لە تیڕوانینی  ریکخراوەی کۆمۆنیستی وەك چواردیواری ئەفرادی تاك وتەرا کە تەنها ئایدیولوژی کۆی کردونەتەوە بۆ ریکخراوی بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە سەنگەری یەکگرتنە بۆ دیفاع لە ماف و ئازادیە فەردی و کۆمەڵ. سەیرکردن و مامەڵەی پەیوەندی نیوان حزب و ریکخراوە سیاسی و پیشەییەکانی کریکاران و فەرمانبەران و تویژە زەحمەتکێشەکان وەك سەنگەرەکانی یەك خەباتی چینایەتی و کۆمەلایەتی کە بنەماکانی قودرەت پەیداکردنی سیاسی و کۆمەلایەتی کۆمۆنیزمی کریکاریـیە بۆ شکست پیهینان بە دەسەلاتی حزبە ناسیونالیستەکان و کۆتایی هینان بە ئیدارەی گەندەڵیان بەسەر جەماوەری ستەم لیکرا و بێبەشی کوردستانەوە. گۆڕینی ڕیشەیی لە پەیوەندی و مناسباتی ناوخۆی حزبیدا کەلەسەر بنەمای کرانەوە و شەفافیەتی سیاسی و ئازادی بیرورا تاڕادەی پیکهینانی فراکسیۆنی حزبی لە چوارچیوەی بەرنامە و پەیرەوی ناوخۆی حزبدا هاوکاتیش پابەندبوون بە دیسپلین و قانونی حزبی یا ئەوەی پێی دەڵێین تعددی ڕا و یەکێتی ئیرادە. دەورو نەخشی کۆمەلایەتی وسیاسی رابەری و پەیوەندی بە کادر و دەوری کادر و مەسەلەی ئەندامەتی و شکل وشیوەی ریکخراوەیی کۆمەلایەتی و چالاك و هتد.. بەکورتی دەمانەوێت حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان بکەینە ریکخراوەیەکی کۆمەلایەتی کۆمۆنیستی کریکاری  کە خەریکی ریکخستنی بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتیـیە چ لەریزەکانی حزبدا و چ لە ریکخراوەی جۆراوجۆری جەماوەری تردا ، ئەمە رەخنەیەکی پراتیکی ئێمەیە لەرابردووی خۆمان و نەخشەی کاری ئیستامانە.

**بۆچی مانەوە لە قالبی ریکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقدا وەلامدەرەوە نیە؟**

ئەمە پرسیارێکە کە لە ناوخۆ و دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقدا دەکرێ و لیکدانەوەی جیاجیاوە . بەشێك لە دەرەوەی حزب لە رەخنە لە لاوازیەکانی تائیستای حزبدا دەیبینیت و بەشیك لە ناوەوەی حزب ترسی لەلاوازبوونی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقدا. بەلام سەرچاوەی دەستبردنی ئێمە بۆ پیکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان بۆ داپۆشین یان رەخنە لەلاوازیەکانی تائیستامان نیە لە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقدا وە بەپیچەوانەوە پیکهینانی ئەم حزبە لە کوردستاندا دەبیت بە پالپشتیکی بەهێز بۆ زالبون بەسەر لاوازیەکانی حزبمان لە عیراقدا لەماوەیەکی مام ناوەندیدا کاتێك توانیمان پرۆژەی دامەزراندنی حزبیکی سیاسی و کۆمەلایەتی لە کوردستاندا بخەینەرێ.

پیکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان پرۆژەی گۆرینی ناوی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق نیە و بەناوی کوردستانەوە کارباشتر بکرێت. تەنانەت مەسەلە سەلاحیەت یان چوارچیوەی تەسکی ریکخراوەیی ئیستا نیە کە مەسەلە تەشکیلاتیەکانی ریکخراوی کوردستان وابەستە دەکاتەوە بە بریاری حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقەوە. هەروەها پیویستی ئەم حزبە لە وەلام بە کێشەی دەوری ریکخراوی کوردستان لە نارەزایەتیە جەماوەریەکاندا نیە و دەبێت رابەری ئەم لاوازیانە پربکاتەوە ئەوکات کاتی پیکهینانی حزبیکی سەربەخۆیە لە کوردستان. ئەمانە تیروانینیکی بەرتەسکن بۆ رۆشنکردنەوەی پیویستی دامەزراندنی حزب لە کوردستاندا.

مەسەلەی سەرەکی لەوەی ریکخراوی کوردستان وەلامدەرەوە نیە ئەوەیە کە کۆمەلگای کوردستان لە کۆمەلگای عیراق جیاوازە لە رووی سیاسی و کۆمەلایەتیەوە و بەم پێیەش ململانێی سیاسی و فکری و کۆمەلایەتی و حزبی تیایاندا جیاوازە ولە یەك چوارچیوەی حزبی دا ناتوانین ئەرکی دوو بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەلایەتی کۆمۆنیزمی کریکاری کە جیاوازن لە رووی مەیدان و مەسەلەکانی دەرگیرن لەو ململانێیەدا وەلام بدەینەوە. هەر چوارچیوەیەکی ریکخراوەیی کە نەگونجێت لەگەلْ ئەم جیاوازیەی کە لە نیوان کوردستان وعیراقدا هەیە دەبێتە رێگرێك لە بەردەم چونە پیشەوەی ئەرکەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کریکاری بەوێنەی بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی نەك وەك کیانیکی ریکخراوەیی بێرەبت بە کۆمەلگاوە و خاوەن ئەرکیك و دەورێك لەناو حەلقەیەکی تەشکیلاتی حزبی بەمانای تەسکی ووشەکە. حزبی کۆمۆنیستی کریکاری ریکخەری بزوتنەوەیەکی زیندووی سیاسی و کۆمەلایەتی دیاریکراوە لە هەلومەرجی دیاریکراوی کوردستاندا و دەبێت چوارچیوەی ریکخراوەیەکەی لە پەیوەست بە وەلامدانەوەی پیویستیەکانی ئەم بزوتنەوەیە کە لە کۆمەلگای کوردستاندا هەیە سەرچاوە بگرێت. تەجروبەی 4 سالْی رابردوو بەدوای باسی پیویستی پیکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کوردستاندا لە کاری جۆراوجۆری سیاسی و جەماوەری وتەشکیلاتی لە ژێر سەقفی ریکخراوی کوردستاندا ئەو راستیە دەسەلمێنێت کە ئەم چوارچیوەیە ناتوانیت وەلامدەرەوەی ریکخستنی بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی کۆمۆنیزمی کریکاری بێت لە کوردستاندا کە لە مەیدانی ململانێ لەسەر دەسەلات و یەکلاکردنەوەی چارەنوسی سیاسی ئەو کۆمەلگایە دەوری سەرەکی هەبێت. دواخستنی راگەیاندن و پیکهینانی حزب و سپاردنی بە پرۆسەی دوبارە چالاك کردنەوەی ریکخراوی کوردستان دوای چەند سالْ بەشداری لە نارەزایەتیەکان و ئامادەیمان لە مەسەلەی نا ووتن بە رفراندۆمی دەستوری عیراق و کارکردن لەسەر مەسەلەی رفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستان و بەردەوام دەرکردنی رۆژنامەی ئۆکتۆبەر و سازکردنەوەی کۆمیتە حزبیەکان ، سورانەوەیە لەبازنەی بەتالْی تەشکیلاتی و سەیرکردنی ئەرك و دەوری کۆمۆنیزمی کریکاری کوردستانە لە ناو حەلقەی تەشکیلاتی سەرف و نیشانەی نەبونی ئاسۆ و ستراتیژێکە بۆ سەرخستنی ئەم کۆمۆنیزمە لە هەلومەرجی

دیاریکراوی کوردستاندا. هەربۆیە ئێمە بەم هەنگاوە نامانەوێت لە لاوازیەکانی تا ئیستامان رابکەین بەڵکو بەپیچەوانەوە دەمانەوێت لاوازی سەرەکی خۆمان کە نەچونە مەیدانی راستەوخۆی یەکلاکردنەوەی دەسەلات لەگەڵ ناسیونالیزمی کوردا نەهێڵین و حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان وەسیلەیەکی سەرەکیە بۆ سەرکەوتن لەم کێشمەکێشە سیاسی و کۆمەلایەتیەدا بەدەستەوەبگرین.

ناسینی ئەم هەلومەرجە جیاوازە سیاسی و کۆمەلایەتیە بۆ بەدەسەلات گەیشتنی کۆمۆنیزمی کریکاری لە کوردستاندا سەرچاوەی دەست بردنە بۆ پیکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان و پیکهینانی ئەم حزبە خۆی هەنگاوی یەکەم وپیویستی بەریخستنەوەی بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی کۆمۆنیزمی کریکاری یە و پیچەوانەکەی راست نیە. واتە کۆمۆنیزمی کریکاری لە کوردستان ناتوانیت جارێکی تر هەستیتەوە لە چوارچیوەی تەشکیلاتی و سیاسی و کۆمەلایەتی رابردوودا و بەبێ دروستکردنی حزبی سەربەخۆی خۆی. ئەمە تێزی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستانە.

**<u>بۆچی مەسەلەی سەربەخۆیی لە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستاندا کراوەتە ئەولەویەتیکی سیاسی</u>**؟

لە "**بریارنامەی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق سەبارەت بە پیویستی پیکهینانی دەستبەجێی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان** " دا هاتوە ،

"**"کۆمۆنیزمی کرێکاری لە کوردستان پێویستی بە حزبێکی تایبەتە کە بە پێی هەلومەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتی کۆمەلگای کوردستان بۆ جێبەجێ کردنی تەواوی بەرنامەی (دنیایەکی باشتر)ی خۆی تێبکۆشێت. لە هەمان کاتیشدا یەکلاکردنەوەی چارەنووسی سیاسی کوردستان بە باری جیابونەوەو پیکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆی غەیرە قەومیو غەیرە دینی لە رێگای هینانە مەیدانی ئیرادەی جەماوەری خەلک لە ریفراندۆمیکی ئازاددا. ئەولەویەتێکی سیاسی ئەم حزبە بێت."**

ئەم مەسەلەیەی کە حزبی ئێمە مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستانی بە یەکیك لە ئەولەویەتە سیاسیەکانی خۆی داناوە لەوانەیە لە روانگەی کەسانیکی چەپ و کۆمۆنیستەوە ببیتە جیگای سەرنج و رەخنە کە بۆچی بە ئەولەویەتی حزب دانراوە و حزب چینی کریکار و سوسیالیزمی بیرچۆتەوە و تاکتیکی سەربەخۆیی کراوەتە "وەعدێکی ناسیونالیستانە" کە راگەیاندنی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستانی پیێ رازیندراوەتەوە و ئەمە زیان بە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی کریکاری دەگەیەنێ‌وە شتی تری لەم بابەتە..

سەرەتا ئەبێت ئەوە بلێین کە یەکلایی کردنەوەی چارەنوسی کوردستان لەریگەی سەربەخۆیی کوردستانەوە ، منصور حکمت بۆ یەکەم جار هێنایە ئاراوە نەك وەك وەعدیکی ناسیونالیستانە و نەك بۆ ئەوەی خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد بکات بەلکو ئەوکات وئێستاش تاکتکیك و ریگایەکی عەمەلی ئێمەیە بۆ یەکلایی کردنەوەی مەسەلەی دەسەلات لە کوردستاندا و ریگای بونە بەهێزی یەکەم و بەرەراکێشانە لەژێر پێی ناسیونالیزمی کورددا ** . هەرچۆن حزبی ئێمە لەعیراقدا پێشتر لە بەیانی راگەیاندنیدا ڕووخانی رژیمیبەعسی کردبوە ئەولەویەتیکی سیاسی خۆی و ئەمە وەعدیکی نیشتمان پەروەرانە و خزمەتیك نەبوو بە حەرەکەی معارەزەی بورژوازی بەلکو ئەرکیکی سیاسی بنەرەتی بوو بۆ بەدەستهینانی دەسەلاتی سیاسی و دامەزراندنی سوسیالیزم لە عیراقدا . سرینەوەی ئەو پەرەگرافە لەو بەیانەدا بە مانای ئیلغاکردنەوەی مەفهومی حزبی سیاسی و گۆرانمان بوو بۆ فیرقەیەك کە هەر پروپاگەندەی سوسیالیستی دەکەن. لە ئیستاشدا باس نەکردنی ئێمە لە مەسەلەی یەکلاکردنەوەی چارەنوسی

سیاسی کوردستان وەك ئەولەویەتیکی سیاسی لە راگەیاندنی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستاندا هەمان مانای هەیە کە لەباری سیاسیەوە گەشەمان نەکردوە تاکو بتوانین شەڕی یەکلاکردنەوەی دەسەلاتی سیاسی بکەین. لەبەرئەوەی لە کوردستاندا دەولەتیك نیە تا باسکردن لە روخاندنی ئەو رژیمە ریگای یەکلاکردنەوەی چارەنوسی دەسەلات بیت و ئەم کارە لە ریگای یەکلاکردنەوەی چارەنوسی سیاسی کوردستانەوە دەکریت. لەلایەن ئیمەوە ئەم حەرەکەتە بۆ سەربەخۆیی کوردستان بزوتنەوەیەکە بۆ نەهیشتنی دەسەلاتی حزبە میلیشیا حاکمەکان و رەخساندنی فرسەتیکە بۆ ئەوەی ببینە هیزی یەکەم کە چارەنوسی دەسەڵات لە کوردستاندا دیاری دەکات و لە دەست دەسەلات وبەدیلی فیدرالیزمی شکست خواردووی حزبە ناسیونالیستەکان دەری دێنێ. ئەمە بەرای ئیمە تاکتیك وریگای بەدەسەلات گەیشتنە لە ململانی لەگەل ناسیونالیزمی کوردا و هەرکەسێك بەمە مخالفە دەبێت تاکتیك و ریگایەکی تری خۆی بۆ گەیشتنە دەسەلات بخاتە ڕوو و تەنها باسکردن لەوەی ئەمە کۆمۆنیستی نیە و خزمەت بە کۆمۆنیزمی کریکاری ناکا مانایەکی نیە.

مەسەلەی سەربەخۆیی کوردستان خواستیك و کێشەیەکی خەلکی کوردستانە کە کۆمۆنیزمی کریکاری بەوەڵامدانەوەی دەیەویت خۆی وەك بەدیل جێبخا ، هەروەك چۆن بەلشەفیەکان لەوەڵام بەمەسەلەی شەڕ دا بونە ئەو بەدیلەی خەلکی روسیا و دەسەلاتیان گرت و پشتیوانی لەبەدەسەلات گەیشتنیان کرا. لەهەر دەورەیەکدا کۆمەلگا لە سەر مەسەلەیەکی گرێی بەدەوری سونەت ورەوتیکی سیاسیدا کۆدەبیتەوە کە ریگاچارەی خۆی دەتوانێ بکات بە ریگاچارەسەری کێشەی ئەو کۆمەلگایە و حزبی سیاسی لەسەر بنەمای ئەو سونەت وپراتیکە کۆمەلایەتیە دەچیتەپێش و دەسەلات ،بەمانای فراوانی ووشەکە، پەیدادەکا.

ترس لە سەربەخۆیی کوردستان وەك ئەولەویەتیکی سیاسی و "وەعدی ناسیونالیستانە" و "خزمەت بە بەرژەوەندی بزوتنەوەی ناسیونالیستی " ترسە لە چوونە شەڕی سیاسی بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات و ترس لە بەرژەوەندی واقعی کۆمۆنیزمی کریکاری و خەلکی بێبەشی کوردستان نیە. ئەم بەرژەوەندیە کاتیك زیانی پێدەگات کە نەچینە کێشەی یەکلاکردنەوەی چارەنوسی سیاسی کوردستان و وازبهێنین لە ئەرك و ئەولەویەتە سیاسیەکان بۆ بورژوا ناسیونالیستی کورد . کۆمۆنیزمی کریکاری لەم ترسەی کۆمۆنیزمی حاشیەیی زیان دەکات کە لە مەیدانی بەدەست هینانی دەسەلاتدا چەکی سیاسی لەشانی دەکاتەوە و چەکی دەکات بەناوی "پاك" ی داواکاریە "سوسیالیستیە پوختەکانی" و ڕێگا لە کۆمۆنیزمی کریکاری دەگرێت کە دەست بەرێت بۆ گرفتە واقیعیەکان و مەسەلەی یەکلاکردنەوەی دەسەلاتدا لەبەرئەوەی لە "وەعدی ناسیونالیستانە" دەچن.

دوای $12$ سالْ لە خستنەڕووی ئەم باسە لەلایەن منصور حکمت ەوە پیویستە بزانین کە ئەو ترسەی سەرەوە لە گرتنەدەستی ئەم تاکتیکە وەك ئەولەویەتیکی سیاسی بۆ راکێشانی بەرەی ژیر پێی ناسیونالیزمی کورد و راکێشانی جەماوەر بەدەوری ئەم بەدیلەدا وای کردوە کە کاری ئیمە لەم مەیدانەدا لە کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان تێپەڕنەکات. ریگریە فکری وسیاسی و عەمەلی و سونەتەکان لەم بوارە جەماوەری وسیاسیەدا بەشیوازی جۆراوجۆر لە چەند سالّی رابردوودا خۆی نیشانداوە و دیاریکردن ولابردنیان مەسەلەیەکی حەیاتیە لە سەرکەوتنی پرۆژەی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان وەك حزبێکی سیاسی کە لەفرسەتی تردا ئەمانە باس دەکەم. تەجروبەی $8$ سالّی رابردووی شەخسیم وەك کەسی یەکەمی ئەم کار و پرۆژەیە لەناو حزبدا بەوەی گەیاندوم کە لەم دەورەیەدا ئەم مەیدانە مەحەکی تیپەراندنی کۆمۆنیزمی کریکاری یە لە کۆمۆنیزمیکی حاشیەیەوە بۆ کۆمۆنیزمیکی کۆمەلایەتی خوازیاری دەسەڵات. ئێمە بەرێخستنی بزوتنەوەیەکی جەماوەری وسیاسی کە ئەرکی

بەرپاکردنی رفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستان بەسەرەنجام بگەیەنێ ودەولەتێکی سەربەخۆی علمانی وغەیرەقەومی لەکوردستاندا دامەزرێنێ بەئەولەویەتی سیاسی خۆمان دەزانین و حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان وەك ریکخەر ورابەری ئەم بزوتنەوە سیاسی وکۆمەلایەتیە دێتەمەیدان .

کۆتایی

ئێمە دەرگای باس و پلمیك و کفتوگۆمان کردۆتەوە سەبارەت بە حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان و دەمانەوێت قسەی ئەوانەی دەیانەوێت بەشداری لەم پرۆسەیەدا بکەن ببیستین و بەشیوەیەکی رۆشن لەسەر خالە هاوبەش وجیاوازەکانمان بدوێین لەبەرئەوەی دەمانەوێت بزوتنەوەیەکی سیاسی وکۆمەڵایەتی کۆمۆنیزمی کریکاری بەرێبخەین و ریزەکانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق تەنها بەشێك لەو بزوتنەوە و مەوجودیەتە کۆمەلایەتیەیە. لەروانگەی ئیمەوە ئەمە پرۆسەیەکی سیاسیە و مامەڵەی ئایدیولوژیگەری لەگەڵدا ناکەین . هەرچەند ئەم حزبە لەسەر بنەمای ئیدیولوژی وفکری مارکسیستی و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کریکاری یە بەڵام قالبیك و پیوەرێکی ئیدیولوژیگەریانەی چەند دەقیکی دانراو بنەمای یەکگرتن و حزبیەت لای ئێمە پێك ناهێنێ و کاری سیاسی و وەحدەتی سیاسی لە چوارچیوەی بەرنامەی دنیایەکی باشتری کۆمۆنیزمی کریکاری لەدەوری حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان کۆمان دەکاتەوە. هەربۆیە دیسانەوە بانگەوازی ئێمە بۆ بەشداری لە پرۆسەی پیکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستاندا ڕوو لە کریکاران و جەماوەری نارازی و دەستەو کۆڕو کۆمەڵەکان و هەموو ئینسانانەیە کە خۆیان بە شەریك دەزانن لە بەرنامە یا مەیدانیکی خەباتدا لە پیناو بەدیهینانی ئازادی و یەکسانی و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازاد و خۆشگوزەران و سوسیالیستی و داوا دەکەین کە بێن پیکەوە ئەم وەسیلەی ڕزگاری جەماوەری بەشمەینەتی کوردستان دامەزرێنین تا خەبات ونارەزایەتیەکانمان لەپیناو دنیایەکی باشتردا بەسەرکەوتن بگەیەنین. ئایندەیەکی باشتر لە گرەوی هاتنە مەیدانی ئیرادەی ئێمەدایە بۆ دامەزراندنی ئەم حزبە و بەسەرکەوتن گەیاندنی لەخەبات دژ بە چینە دەسەڵاتدارەکاندا. .

2007/04/19

------------------------

* بروانە سایتی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق www.wpiraq.net **"بریارنامەی مەکتەبی سیاسی حککع سەبارەت بە پیویستی پیکهینانی دەستبەجێی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان**

** بروانە نوسراوی منصور حکمت " لەدیفاع لەسەربەخۆیی کوردستانی عیراقدا" سالی 1995